www.kurdistannet.org
4-6-2007 21:48 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

نامەیەکی کراوە بۆ هەموو مرۆڤدۆستانی جیهان ... د. بەڵێن محمدامین

بەرێزان خۆشەویستان سڵاوتان لێبێت لە هەر کوێیەکی جیهان بن

بەریزانم هەروەك دەزانن کە کاری رۆژنامەوانی لە کوردستاندا پێشکەوتنی بە خۆوە بینیوە، کەم یان زۆر ئازادیش هەیە لە بواری رۆژنامەوانیدا بەڵام ئازادیەکە سنورداره هەربۆیە هەندی جار نوسەران توشی ئەشکەنجەدا دەبنەوە، منیش هەرچەند پیشەکەم پزیشکی یە بەڵام حەز بە کاری رۆژنامەوانیش دەکەم تاوەکو ئێستا لەسەر چەندین بابەتی سیاسی و رەخنەیی و گەندەڵی و چەندین شتی ترم نوسیوە هەربۆیە لەسەر ئەم نوسینانە وەزیری تەندروستی بە سود وەرگرتن لە دەسەڵاتەکەی و پیشەکەی منەوە سەرەتا کێشەیەکی ئیداری بۆ دروست کردم پاشان بە بی هۆ کێشەکەی گەورە کردو منی بە رفاندن دا، ئەوەبوو چوار رۆژ لە ئاسایشی سلێمانیدا مامەوە بە بیلێکۆڵینەوە و بە شێوەیەکی ناشیرین هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کردم پاشان کارەکەمان کەوتە داداگاوە. ئەوەبوو وەزیری تەندروستی دەستی کرد بە قسەی چەواشەکارانە لە میدیاکانەوە، هەربۆیە منیش بۆ ئەوەی ئەو هەواڵانە بە چەواشەکاری نەمێنێتەوە بابەتیکی بەڵگەییم بلاو کردەوە لە کوردستان نێت و چەند ماڵپەڕێکی تر، هەر پاش بڵاو بونەوەی بابەتەکەم ئاسایشی کۆیەو تەق تەق شوێن بە شوێن بە دوامدا گەرابوون بۆ ئەوەی دیسانەوە بمرفیننەوە (بە ریکوردی دەنگی لەلامە کە بەرپرسی ئاسایشی تەق تەق دەڵێت ئیشمان پێتە)، کە ئەمەش پێشێلکاریەکی یاساوبنەماکانی مافی مرۆفە. بەریزانم هەرچەندە نەمهێشت ئەمجارەیان بمرفێننەوەو دەرباز بووم بەڵام ئێستا ژیانم لە مەترسیدایە جا داوا لە هەموو مرۆفدۆستانی و ئازادیخوازانی جیهان دەکەم کەوا پاڵپشتیم بکەن و ئیدانەی ئەم کارە بکەن و هەڵوێست وەربگرن لەگەل ئەوپەری ریزم بۆتان ... ... د. بەڵێن محمدامین

ژمارەی مۆبایل:07301010132
یان:07504652068
ئیمەیڵ:dr. baleen@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.